## مۆدیلێکی جوانی چاویلکەی گەورە

هاوین وەرزێکی گەرمە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر جەستەی خانمان، ئەمەش زیاتر لەسەر پێست کە بەر خۆر دەکەوێ یان تیشکی خۆر بەهێزە کاتێك لە چاوەکان دەدات، چارەسەریش بۆ ئەو دوو لایەنە دانراوە و خانمان دەتوانن خۆیان تیایدا دەرباز بکەن، بۆ چارەسەری لە تیشکی خۆر بۆ سەر پێست، دەکرێ کرێمی دژە خۆر بەکاربهێنن بۆ پاراستنی پێست، بۆ چارەسەری چاوەکانیش، ئێکسسوارێکی تایبەت دانراوە کە کاری بەرگە گرتن و بەرپەرچدانەوەی تیشکی خۆرە، ئەویش چاویلکەی هاوینەیە بۆ چاوی خانمان، چاویلکە جگە لەوەی کاری پاراستنی چاو دەکات، هەروەها کار دەکات لەسەر دروست کردنی مۆدەیەکی ڕەهای جوانی بۆ چاوەکان، بە جۆرێك دەبێ ئەو ئێکسسوارە بە جوانی هەڵبژێردرێ و لە مۆدەی چاویلکەی گەورە بێ، کە ئەوەش مۆدەی سەردەمە و داواکاریی زۆری لەسەرە، سەبارەت بە چاویلکەی کچان، دەکرێ ڕەنگی شووشەکەی پێشەوە و لەگەڵ تەواوی چاویلکەکە هاوڕەنگ بێ، ئەمەش وەك مۆدەیەکی شیاو و ڕازاوە، گرنگە کە خانمان خۆیان ڕەنگەکەی هەڵبژێرن و لە چاوی بکەن.



## هەنگاوەکانی قژ بەستن لە دواوەی سەر!

هەنگاوەکانی بەستنی قژ، بە چەندین قۆناغ و شێوەی جیاواز تێپەڕ دەبێ و کە هەر هەنگاوێکیش کارێکی تایبەتی دەوێ و پێویستی بە ئامادەکارییە، هەنگاوەکانی قژ بەستن بە چەندین ڕێگە هەیە، هەر مۆدەیەك شێوازێکی دەوێ، جۆرەکانی قژ بەستن زۆرن، بەڵام شێوەیەکی جوان و شیاو هەیە، یەکێك لەوانە بەستنی قژە لە دواوەی سەر، کە یەکێکە لە جوانترین و خاوترین مۆدەکانی قژ بەستن، کە بە چەند هەنگاوێکی سادە و جوان جێبەجێ دەکرێ، لە سەرەتادا قژ خاو دەکرێ و دەکرێتەوە، پاشان بە شانە جیاواز دەکرێنەوە لەگەڵ یەکتر، دواتر هەندێك سپرای لە قژ دەدرێ و دواتریش لە ناوەندی پشتەوەی سەر بە تۆقەیەك دەبەسترێ و بە خاوی دێتە خوارەوە، لە پێشەوەش دەکرێتە دوو بەش لە ناوەڕاستی سەر، بەمەش مۆدەیەکی شایستە و ڕازاوە دروست دەبێ و قژێکی خاو و لە دواوە بەستراوی لێدەردەچێ.



## گوارەی بازنەیی

مۆدەی ئێکسسوارەکان لە ماوەیەك بۆ ماوەیەکی دیکە گۆڕانکاریان بەسەردا دێ و شێوەی کۆن و تازەکان بەرەو تازەگەری دەچن، ئەمەش وەك هەنگاوێك لە بواری جوانکاری بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی جەستەی خانمان بە جوانترین ئێکسسوارە تازە وکۆنەکانە، بە تایبەت کاتێك ستایلی تازەی ئەو ئێکسسوارانە دەردەکەون یان شێوازە کۆنەکان نوێ دەکرێنەوە، لە جوانکاریدا زیاتر بایەخ بە شێوازە کۆنەکان دەدرێ و بەڵام کاری تازەیان لەسەر دەکرێ، وەك شێوازێکی نوێکاری و بەمەش دەبێتە بەرهەمێکی نوێ، شێوازی کلاسیك و مۆدەی کۆنی ئێکسسواری گوارە، لە شێوەی بازنەیی بوو، کە لەناو کوردەواریشدا گوارەی بازنەیی باوی هەبوو، چونکە بە جوانی گوێ دەگرێ و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، لە مۆدەی ئێستاشدا هەمان ئەو شێوازە کۆنە سەری هەڵداوەتەوە و کە جێگەی جوانی و ڕازاوەیی خۆی هەیە، تەنانەت لە قەبارەدا شێوەی جیاوازی هەیە، کە لە قەبارەی گەورە و بچووك دروست دەکرێ و بەمەش دەبێتە یەکێك لە جوانترین مۆدەکانی ئێکسسواری گوارە بۆ گوێی خانمان.







# تۆقە و تاج بۆ خانمان

ئەو ئێکسسوارانەی بۆ ژیانی ئاسایی لە قژ دەبەسترێن، جیاوازییەکی زۆریان هەیە بۆ ئەوانەی لە کاتی بۆنە و ئاهەنگ یان بۆ شوێنی دیاریکراو دەبەسترێ، ئەمەش وەك یەکێك لە ئامادەکارییەکان بۆ بەستانی قژ، کە پێویستی بە چەندین ئێکسسواری جۆراوجۆر دەبێ، بەمەش هەر ئێکسسوارێك لەو کاتەدا جێگەی بایەخی خۆی دەبێ، لە رێگەی ئێکسسوارەکان دوو لایەنمان بۆبەدی دەکرێ، یەکەمیان بەستان و هەڵگرتنی قژە هەروەها پارێزگاری لە قژ دەکات کە تەسریحەی تێکنەچێ، لە دووەمیشدا باڵێکی جوانکاری نیشان دەدات و جیاوازییەك دروست دەکات، هەمان ئەو بیرۆکەیە بۆ تۆقە و تاجی سەری بووکان شیاوە، چونکە لەو رۆژە بووکان ناتوانن ئەوەندە خەریکی قژیان بن لە چاککردن و هەڵگرتن و بەستن، بۆیە تۆقە و تاج، رێگەیەکی دروستە بۆ پارێزگاری کردنی قژیان، سەبارەت بە رەنگی ئێکسسوار و تۆقە و تاج، دەکرێ بە پێی خواستی خانمەکە بێ، بەڵام زیاتر لە رەنگی سیلڤەر یان رەساسی دەبێ، کە ئەوەش رەنگی ئەڵماسە و بەمەش جوانییەکی رەها دەبەخشێ.



## ستایلی پشتێنی تەنک و بچووک

لەگەڵ پۆشینی جلوبەرگ، چەندین کەرەستە و ئێکسسواری دیکە هەن شیاوی پۆشینن، لەو کاتەی کە جلوبەرگ دیمەنێکی رازاوەی دەبێ، بەمەش دەبێ لە گشت پێداویستی و ئامادەکارییەکاندا شێوازێکی نموونەیی هەبێ، یەکێك لەو کەرەستە سەرەکییانەی لەگەڵ هەندێك جلدا، ناسەرەکیش لەگەڵ هەندێکی دیکە، ئەویش پشتێنە، کە شێوازێکی تایبەتی هەیە لەسەر جەستە، هەروەها سوودی گەورەی خۆی دەبێ کاتێك لەگەڵ جلێکدا گونجاو دەبێ لە جوانی و شێوازێکی دڵرفێن دەبەخشێتە جەستە، پشتێن بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر هەن، بەڵام ئەوەی گرنگە کە کامەی وەك پێویستە وئەوەشی وەك هۆکارێکی جوانکاری دەپۆشرێ، لە رێگەی ئەو شێوازەی گونجاندنی پشتێن لەگەڵ جلوبەرگدا، زیاتر پشتێن لەگەڵ دوو پۆشاك لەبەر دەکرێ، یەکێکیان لەگەڵ پانتۆڵ و جینز ئەوەی دیکە لەسەر تەنوورە کە بەجیاواز وشل دەبەسترێ،، پشتێنی ئێستاش وەك شێوازی کۆن بەرەو تەنکی و بچووکی هەنگاوی ناوە و بەمەش دەبێتە جوانترین مۆدەکانی پشتێنی ئەو سەردەمە.





## نەرمترین جەستە!

ئەوانەی جەستەیان نەرمە، لە ئەنجامی سرووشتی جەستەیەتی یان بە ڕێگەی کاری وەرزش و لەشجوانی دەسـتیان دەکەوێ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتدا دەبێتە هۆکارێک بۆ سـەمەرەیی و تەنانەت دیوێکی نامۆ دەبێ لەبەر چاوی کەسانی دیکەدا، ئەو کورە هیندستانییە ناوی (کۆمار) ە و تەمەنی (٢٥) ساڵە، کەچی دەتوانێت قاچەکانی لە پشـتەوەی سـەری خۆی بهێنێتە پێشـەوە و شتێکیشی پێ بخواتەوە، وەک ئاو یان شـەربەتێک، ئەوەی سـەیرە جەستەی نەرم و بە ئاسانی دەچەمێتەوە یان دەسووڕێتەوە.

## جگەرەی کیسە تووتنی جاران

پێشـتر باپیرانمان هەردەم کیسـەیەکی بچووک بە نێکیانەوە بوو، کیسەیەکی بۆن خۆش و پڕ لە شـت و مەکی بچووک، ڕەنگـی قاوەیی بوو، ڕۆژێکیان بەڕێکەوت لە ماڵی باپیرم بووم و کیسـەکەی دانابوو، سـەیرێکم کرد و بینیم پڕی تووتن بوو لەگەڵ دەفتەرێکی بچووک، ئەو کیسـەیە بریتییە لە کارگەیەکی بچووکی جگەرە دروست کردن، کە تیایدا ئەو کەرەستانەی تێدابوو، تووتن — دەفتەر جگەرە — فلتەر، ئەوەی یەکەم بریتییە لە گیایەک کە پێدەگوترێ تووتن و سەرچاوەی دروست کردنی جگەرەیە، ماددەیەکی بۆن تیژە و ئەگەر تامیش بکرێ دەمت تیژ و سـوێر دەبێ، بەر لە پەیدابوونی ئەو ژمارە زۆرەی پاکێت و جگەرە، باو و باپیرانمان، ئەو لایەنەیان بەرجەسـتە کردبوو، کە بڕە تووتنێک لەناو کیسـەیەک دادەنرا، لەگەڵ دەفتەرێکی بچووک لە کاغەزی تەنک و باریک بۆ ئامادە کردنی جگەرەی دەستکرد، ئەو کەسەی دەیەویسـت جگەرە بکێشێ، سەرەتا هەندێک تووتنەکەی دەردەهێنا و بە دەست وردی دەکـرد، دواتریش پەڕێکی دەفتەرەکەی دەهێنا و هەندێک تووتنی تێدەکرد و پاشـان بە دەم تەڕی دەکرد تاوەکو شـێوەی وەک لوولەیەک دەبوو، پاشـان د فتەرە بچووکەکە بەیەکەوە دەنووسا ئەمەش بە تەڕی لایەکی پەڕەکە و پاشان لوول دەکرا وەک شێوەی جگەرە،هەروەها ئامێرێکی بچووک هەبوو کە جگەرەکەی دەپێچایەوە، یان بە دەسـت سـەرێکی ئەو لوولەیە دەنووشتایەوە تاکو ببێتە کۆتایی لوولەکە، لایەکەی دیکەش بە کراوەیی دەمایەوە، تاوەکو لایە نووشتاوەکە بخرێتە ناو دەم و یان لە فلتەر دەخرا و لایەکەی دیکە وەک جگەرەی ئاسایی گڕی تێبەردەدرا یان دارێکی کورت یان درێژ هەبوو پێیدەگوترا (دار جگەرە) کە جگەرەکەی پێدەکێشـرا، هەروەها قەننەش هەبوو کـە تووتنی دەخرایە ناوی و ئاگری تێبەردەدرا، بەمەش ماندووبوونێکی دەویسـت تاوەکو جگەرەیەک ئامادە دەبوو بۆ کێشان.





## کڵاوی کوردی بەنەخشی ئاڵای کوردستان

کەرەسـتە کوردەوارییەکان، مایەی جوانی و شـانازیین، کاتێک لەسەر جەستە یان لە شوێنە بەرزەکان دادەنرێن، کە لە پێشـوودا کاری دەست وەک کارگەیەکی بەهێز وابوو لە دروست کردنی جلوبـەرگ و کەرەسـتەی ناوماڵ و پێداویسـتی ڕۆژانە، بگرە لـە : کڵاو — جلی کوردی - کەرەسـتەی ماڵ بە گشتی — ئامێرەکان، چونکە لە کوردەواریدا بیرۆکەی جوان و بەهێز هەبوون لەو بوارانەدا، یەکێک لەو کەرەسـتە کۆن و مێژووییەی کورد شـانازی پێوەدەکات، کڵاوی سەری پیاوانە، کە هەمان شـێوەی بۆ ئافرەتانیش هەبووە، کڵاو و کلێتە هەیە، کڵاو لەگەڵ جامانە لەسەر دەکرێ، کلێتەش لەگەڵ جلی کوردی دەپۆشـرێ کە جوانی جلەکە تەواو دەکات، جگە لەوەی کڵاو لە چەند ڕەنگێک بووە، کە زیاتر ڕەش و سپی یان سوور و سپی، یان ڕەنگی دیکە، کەچی بەم دواییە شـێوەیەکی دیکەی جوانیان بۆ ئەو کەرەستەیە دروسـت کردووە، ئەویش کڵاوە بە نەخش و ڕەنگەکانی ئاڵای کوردسـتان، دیمەنێکی جوان و نایابی هەیە، لە هەر چوار ڕەنگەکە پێکهاتووە کە سوور لەسەرەوە و دواتریش سـپی و ڕەنگی ڕۆژیش بە زەرد لە ناوەڕاسـتەوە، سەوزیش لە خوارەوە، هەر یەکە لەو ڕەنگانە ئاڵای کوردستان لەسەر کڵاوەکە دەنەخشێنن و دەبن بە کڵاوێکی جوان و ڕازاوە.


# جانتا سەیرەکان

دروست کردنی کەرەستە و بەرهەمە سەیرەکان، بۆ مەبەستێکی تایبەت دادەنرێت، هەندێکیان تەنیا بۆ وەرگرتنی نازناوە، یان بۆ دابین کردنی کەرەستەیەك کە لە ڕووالەتدا نەبێ و گوزارشت لە شتێکی نامۆ و سەیر بکات، یان هەندێکیان وەك ڕێکلامێك ئەو کەرەستانە بەکاردەهێنن، یا بەهۆی دروست کردنی بەرهەمێکی پڕ فرۆشتن و کەرەستەیەکی سەمەرەش بێ، لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی دروست کردنی جانتای دەستی ئافرەتان لە وڵاتی سویسرا، چەندین جۆرە شێوەی سەیریان بەخشیوە بە جانتای دەست، تەنانەت هەندێکیان دوورە لەوەی ئافرەتان حەزی پێبکەن، وەك چەك و بۆق کەرەستەی دیکەشدا، ئەمەش بە یەکێك لە جوانترین جانتاکانی دەست دانرا.









# هونەری دەست!

دەستی مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی ئەندامێکی سەرەکی جەستەیە و یارمەتی تەواوی مرۆڤ دەدات لەوەی گشت کارەکانی بە ئاسانی جێبەجێ بکات و گرفتی بۆ نەبێ، کەچی لەلایەن چەند هونەرکارێکی بواری وێنەکێشان و کاری دەستی، توانیویانە دەستی مرۆڤ بە چەندین وێنە و دیمەن و شێوەی دیکەدا کاری پێبکەن، ئەوەی سەیرە دەستی مرۆڤیان بە بۆیە کردووە و لەم بوارەندا بەکاریان هێناوە : بواری وەرزش و کێبڕکێ – تۆپی پێ- شوێنی قەڵەم هەڵگرتن – قەڵا – میوە و سەوزە –قووتی خواردنەوەکان، ئەمانەش وەك یەکێك لە سەیرترین بەکارهێنانەکانی دەستە لەو بوارانەدا.

# ماکیاژی شین!

جۆرەکانی ماکیاژ لە چەندین ڕەنگ و شێوازی جۆراوجۆر هەن، هەر خانمێك بە جۆرە ڕەنگێك ماکیاژەکەی دەکات، بەڵام ئەوەی زیاتر باوە ماکیاژی ڕەنگی پێستە، کەچی بەم دواییە یەکێك لە سەیرترین ڕەنگەکانی ماکیاژی کچان دەرکەوتووە، ئەویش لە ڕەنگی شینی تۆخە، واتە سەرتاپای ڕووخسار لە ڕەنگی شین ماکیاژ دەکرێ، بیرۆکەی ئەو ماکیاژەش لەلایەن کچێکی وڵاتی سویسراوە بوو، کاتێك بەرێکەوت و بۆ خۆشی ماکیاژی ڕەنگی شینی کردبوو، دواتریش ئامادەی ئاهەنگێك دەبێ، بەمەش ئەو شێوازە بڵاو دەکاتەوە و هاوڕێکانی لاسایی دەکەنەوە، دوور مەبینن لە داهاتوودا ئەو ماکیاژە پەرە بسێنێت و ببێتە یەکێك لە سەرەکیترین ماکیاژی کچان و ئافرەتان.







# ئەوە کێکە یان مارە!

ئەگەر لە دوورەوە ئەو شـــێوەیە ببینیت، ڕەنگە لێی بترســـێیت و بڵێیت دەبێ ئەوە چ مارێکی ترسناك بێت و پێمەوەبدات، بەڵام ئەگەر زیاتر لێی نزیك بیتەوە و حەزت بۆی دەچێ، چونکە ئەوەیان کێکە لە شێوەی مار دروست کراوە، ئەمەش وەك کارێکی ســـەیر و جوان، لەلایەن کارگەیەکی ئەرژەنتینی بۆ دروست کردنی کێك، کاری ئەو کارگەیە دروست کردنی کێکە لەسەر شێوەی گیانداران و مرۆڤ، بەمەش دەبێتە سەیرترین کێك.

## زاخـــاوی مێشک



*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەردەم) بوو**


بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:


**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك بە تەمەن بێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (برای باوکت)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (گیاندارێکی خشۆکە و ژەهراوییە)
- پیتی خانەکانی (١+٣)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بەتاڵ)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زیاتر وردبەرەوەو زیرەکانە پلانەکەت دارێژە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، چونکە کەسانێك دەیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن، لایەنی سۆزداریت لە گەشانەوەیە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانەکەت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەت بەدەست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووری باشی لەگەڵدا دەبێت، لەبواری ئەڤینداریییەوە هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

مەترسە لەڕووبەڕووبوونەوەی هەندێ هەڵوێست کە پەیوەندی بەخۆشەویستەکەتەوە هەیە، لەرابردوو دووربکەوە تابەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرت وەربگرە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەم هەفتەیە دوور بکەوە لەمشتومڕی دەربارەی ناکۆکییەکانت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ، چونکە کات لەبار نییە بۆلەیەکتر گەیشتن مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم کاتە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناکەوە، پشوویەکی کورت بەسوودە بۆت.

## پەندی ناوداران



**- نیلسۆن ماندیلا دەڵێ:**

گرنگ نییە تۆ گۆمە ئاوێکی بچووکیت یان دەریایەکی بێ کۆتا، گرنگ ئەوەیە تۆ ڕوون بیت، ئەگەر ڕوون بیت ئەوا ئاسمان لە تۆ دایە.

## وتـــە

**- گومانی خراپ لە بیری مرۆڤدا وەك بوونی شەمشەمەکوێرەیە لەناو باڵندەکاندا، هەموو کاتێك لەگەڵ نەمانی ڕووناکی و دەرکەوتنی تاریکیدا دێتە دەر و باڵ ڕادەوەشێنێت.**

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | ■ | | | | | | ■ | | | |
| ٣ | | | | | ■ | | ■ | | | | | |
| ٤ | | | ■ | | | | | ■ | | | | |
| ٥ | | | ■ | | ■ | | | | ■ | | ■ | |
| ٦ | | | | | | ■ | | ■ | | ■ | | |
| ٧ | | ■ | | ■ | ■ | ■ | | | | | | |
| ٨ | | ■ | | | | | ■ | | | | ■ | ■ |
| ٩ | ■ | | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | | | ■ |
| ١١ | | | | ■ | | ■ | | | | ■ | | |
| ١٢ | | | | | | | | | | | | |

## ئاسۆیی:

١-یەکەم ژنە شەهید لە شۆڕشی شێخ محمود بوو لە ساڵی ١٩٢١ .
٢-کامە (پ)-دارێکە-سێ پیتی سێوی.
٣-خەیاڵ-شارێکی کوردستانی باکورە.
٤-(لاس)ناوقەد بڕاو-پاڵەوانی داستانی مەم وزینە (پ) یاریزانێکی ئینگلیزیە.
٥-وەکو یەك -بەدە.
٦-بیدۆزەرەوە لە حەربەت -ژمارە یەکە.
٧- چیایەکە نزیك چوارتا.
٨- توتنی وردکراو (پ)-وەکو یەك.
٩-نیوەی سامی -بەفر(ت)-چێژ.
١٠- یەکەم سوڵتانی عوسمانی
١١-هێز-دەریاچەیەکی کوردستانە(پ)-بزر.
١٢-سەرکردەیەکی کوردبوو یەکێك بوو لە پاشاکانی ئەردەڵان.

## ستوونی:

١-دامەزرێنەری کۆمەڵەی کورد سلێمانی بوو لە ١٨٨٨-١٩٤٨- پێوەری کارەبا(پ).
٢-شارێکی کوردستانی رۆژئاوایە(پ)-نیشانە.
٣-شارێکی کوردستانی رۆهەڵاتە (پ).
٤-پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
٦-نەخۆشیەکە (پ)-پایتەختی ولاتێکی ئەوروپیە.
٧-وەکو یەك-چیایەکە نزیك قەڵادزێ-شارێکی کوردستانی رۆژهەڵاتە.
٨- ئیش بە بادینانی (پ)-وڵاتێکی ئەوروپیە(پ).
٩-وەکو یەك-میوەیەکە-شیا.
١٠- شارێکی کوردستانی باکورە(پ)-خواردنەوەیەکی گازی یە.
١١-ناسك-بینی-ساوا(ت).
١٢-بە شۆڕشی گاندی دەڵێن(پ)-وەکویەکە.


## ماناى خەون

### تاریکی

لەخەودا ڕێ ون کردن و سەرسووڕمانە، ئەگەر یەکێك دڵی ناخۆش بێت و لە خەودا ببینێ بەرەو خۆشی ڕێگە دەگرێ و هەروەها ژیانی ڕۆشنایی بۆ دەبێ، یان تۆبە دەکات و لە کارو شتە خراپەکانی پەشیمان دەبێتەوە، ئەگەر لەزینداندا بێت بەردەدرێ، تاریکی مانای زوڵمە، کێ بچێتە تاریکی ئەو کەسە زوڵم دەکات، ئەوەی تاریکی ببینێ زوڵمی لێ دەکرێ لەوانەیە تاریکی مانای تاریکیی دڵ و چاو بێت، ئەگەر کەسێکی نابینا لە خەودا ببینێ چاوەکانی کوێر بووە، ئەوە چاك دەبێتەوە و ئەوەی کێشەیەکی گەورەی هەبێ، لە خەودا ڕووناکی ببینێ لە کاتی تاریکی، چارەسەر بۆ کێشەکەی دەبێ.

## وێنە و بیر کردنەوە


هەوڵبدە فێڵی دانیشتنی ئەو کەسە بدۆزەرەوە







■ یەکێك بە ڕێگەیەکدا دەڕۆیشت، پێی لە پەلکە مۆزێك هەڵخلیسکا و بەربۆوە، دوای ماوەیەکی دیکە پەلکە مۆزێکی دیکەی بینی و گوتی: توخوا وەرە دیسان جارێکی دیکەش بکەومەوە!

■ جارێکیان دوو کەس گەشتێك دەکەن بۆ شوێنێکی دوور بە فڕۆکە، کاتێك دەگەنە شوێنەکە کە ماوەیەکی کەمیان پێدەچێ، ئەوانیش لەبەر خۆیانەوە دەڵێن: ئەگەر بمانزانییایە ئەوەندە نزیکە هەر بە پیاسە دەهاتین!



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ماندووبوونی پێشووت لەبیر دەکەیت و بێ ئەوەی خۆشت بزانیت کارەکانت جێبەجێ دەبن و ئەرکەکانی سەر شانت زۆر سووك دەبێت، لەوانەیە باری داراییشت باشتر بێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

بوژانەوەیەکی باش لەسیماتدا بەدی دەکرێ، لە بواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك ببیتەوە .



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەخۆبایی مەبەو دڵی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لەڕابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چاپووك و دڵسۆزی، باری سۆزداریت روو لەباشییە.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

دەرفەتی کارێکی باشت لەپێشە بیقۆزەوە، خۆشەویستییەکی نوێ لەدەرگای دڵت دەدات، زۆر بەوردی سەرنجی لێ بدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر رووت تێ دەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات .



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك، کە خەریکە بەرەو کۆتا دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات پشت گوێی مەخە، باری سۆزداریت فەرامۆش مەکە .